# سێیێیێ...

## باران

گۆرانییەکەی چەند ڕۆژێك بوو چاوەڕێی بیستنی بوو، تەواو بوو. بەکۆنترۆڵی سەر مێزەکەی بەردەمی تەلەفیزیۆنەکەی کز کرد و ژوورەکەی جێهێشت. ئەم دەتۆرێت لە تەواوبوون، ڕقی دنیای لە کۆتاییەکانە، پەست دەبێت بە ئارەزووی ونبوون. ئاخر پاش چەند ساڵێك لە پێوابوون، بە زایەڵەی «تەواو، هەموو شتێ کۆتاییهات» بێدەنگی شکاند. بێدەنگییەك کە پتر لە دەربڕین بە قسەکردن لەگەڵیدا دەدوا و مەنگ تر لە ئەندێشەکانی گوێگریی بوو.

سیما لە قۆناغی سێ، لە کۆلێژی ئابووری دەخوێنێت. زۆر جار سکاڵای نابەدڵی بوارەکەی دەکات، هەمیشە لەگەڵ هەڵکێشانی هەناسەیەکی قـــووڵ دەڵێت: وتراوە " ئەو ئازارەی ناتوانیت لێی ڕەتبیت- پێی ڕادێیت!" منیش هەر چاوەڕێـــم- بە ئازارە خۆڕسك، خەڵککرد و خۆکردەکانم ڕابێم! چاوەڕێم..

خوێندکارێکی چالاکە، کچێکی وابەستە و لەسەرخۆیە، ئەگەر بیشیدوێنیت کاردانەوەی بەجۆرێکە وا هەست دەکەیت سەردەمێك بێت بیناسیت، کاتی وتووێژ بۆ بەرامبەر گەشبینە و مرۆڤ بە ڕێگا چارەی هەموو کێشەکان دەبینێت. لەگەڵ ئەمانەشدا بۆ خۆی خواستەکانی نادیارن و بە دروستبوونی هەر پرسیارێك لای- سێ وەڵامی دوور لەیەك، لەگێژاوێکدا داماو و ماندووی دەکەن! ئەم نهێنییەك لە ناخیدایە، شەوانە خەو لە چاوانی دەزڕێنێت، بە ڕۆژ دەیکاتە مەلێکی پەڕوباڵ کراو و ئێوارانیش لەگەڵ لەخاچدانی خۆردا لە کەنار دەریا دەیچێنێت. هۆی بێدەنگی ئەو سێ ساڵەشی لەگەڵ یاد دا هەر ترسی بوو، لەو هەژدیهایەی ڕۆژانە خوێنی دەمژێت، دەیکاتە کۆیلەی لاوازیی، توانا و بیر و خواستەکانی لە هەر سێ تەمەنی ساوایی، لاوێتی و کامڵی دا بە زیندوێتی پێدەنێژێت.

**یـاد** ئازیزم، ئەمڕۆ زۆر چاوەڕێمکردی، هەرچەند دەمزانی نایەیت، لە یادیشم نەچووە بڕیار وایە کە چیتر یەکنەبینین! بەڵام چاوەڕێتبووم!!

دوێنێ نامەیەکم لە بژۆ و ئارانجەوە پێگەیشت، وێنەیەکیش کە «شۆخ»یشیان لەگەڵدایە. شۆخ و شاد دوو ڕۆحی لێکئاڵاو بوون، بە خۆزگە پەمەییەکانیان دەژیان، هێندە دڵیان بەیەك خۆش بوو جگە لە ڕاگرتنی دڵی یەکتر هیچی تریان نەدەویست، لە ژیان. دەڵێن گوایە دایك و باوکی شاد ڕازی نەبوون، بە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکەیان. باوکی شۆخ هەڕەشەی کردووە، بە لێککردنیان. شۆخی شەنگیش ئاگری لە گیانی خۆی بەرداوە، بە مەبەستی ترساندنیان! بەڵام نە گـــڕی جەستەی شۆخ نە بڵێسەی ئەوینێکی ئاوەها تۆخ، توانیوێتی بیری بەستووی ئەوان بتوێنێتەوە، یان تینێ بداتە هەڵوێستی تەزیویان، بەڵکە بوونەتە بینەری درامای سووتـــان! ڕاماون، بەدیار بە خەڵووز بوونی لاشەیەکەوە و بە هەڵم بوونی عەشقێك بۆ ئاسمان.

بـژۆ نووسیوێتی، پاش سەوزبوونی سێ کێڵگە لە ماچ، سێ گوورزە دڕك، بۆم بووە داهات. دەڵێت هاوڕێم لەلات سەیر نەبێت، ئەفسوون سێ بە سێی کردمە خەڵات. تۆ ئاگادار بوویت، ئەوان

چییاننەکرد تا گەیشتنە ئەودیو تەلبەندەکان، چەند جار خەڵتانی خوێن دەبوون و چۆن چاپوکانە سەردەکەوتنەوە، بۆ ژووان! .................؟؟! ئا- بیرم نەچێت کوڕێکی چاوڕەشی جوانیشی بووە، ناوی ناوە ژان!!

بەڵام ئارانجە باسی لە سەرابێك خۆشەویستی و سیحری کوێراییداهاتن کردووە! باس لە مەودای نێوان خەون و ڕاستی، باس لە تووشبوون، بە پەتای وەهم، هاوکات لەگەڵ تووشبوون، بە ئەڤینێکی ساریی! دەڵێت منیش فریومخوارد، نابینا بووم، بەرامبەر گێلی و گومرایی. نووسیویشێتی ئارام بە، بەرلەوەی کە خۆم شەهید بم، دەستم نایە بینەقاقای مۆتەکەی مردن، بۆ بوونم!

سیما ڕۆژانە بە تۆمارکردنی یادنامەکانی لەگەڵ یاد دەدوێت، هەتا پەنجەکانی هێزیان تێدا نامێنێت دەنووسێت، ئەوکات قەڵەمەکەی لێدەکەوێت و بەدەم گریانەوە دەنوێت.

**من**یش ئێستا وەکوو (هەستیار) مەستبوونم لا بەهەست ترە، ئاخر مەبەستێك مەستی کردووم، بۆیە مەستیم مەبەست ترە'. بەڵام هاوڕێ دێرینەکەم هەنووکەش من کرنووش بۆ خەونەکانم دەبەم، نەکوو لە بێئاگاییدا بێپاکیزەییان بکەم، یان نەوەك لە بێتۆییدا بێنەوا' بن، منیش بێسەرپەرشت'یانکەم! دەشێ وەکوو خەندەلێو' بن، سیما شێواو، بە تەمەنێك ئازارەوە جێگای قێز یان پێکەنینی ئێوە بن! چەند لاواز بووم، من، هەر بە خەیاڵ، بەڵام بە سێ ســـــاڵ چێمکردن! چەند بەهێـــز بووی! تـۆ، بە سێ ڕۆژ ڕاستی، لاواندتن، ڕووخاندتن، ونتکردن!!!

ئەمشەو من و ماوەی خەونەکانم بە سێقۆڵی لەگەڵ نهێنی ناو خڕۆکە سوورەکانم، کپ تر لە جاران دانیشتووین، جارجار چاوم بەرز دەکەمەوە سەیرێکی وێنەکەت دەکەم، لای چەپە، لەسەر مێزی نووسینەکەم، ئەو کتێبانەی کە بەدیاریش بۆتدەهێنام، لەگەڵ کتێبی زانکۆدا لەلای ڕاست کەڵەکەم کردوون، گلۆپە کزەکەی ژوور سەریشم تاوناتاوێك بە سێ ترپە تەزوویەك بە لەشمدا دێنێت. خۆڵ پەنجەرەکەمی لێڵ کردووە، لە دەرەوە ڕەشەبـایە، نازانم بروسکەی هەورە یان گێژەڵوکەیەکە تووڕە. پێدەچێت عەشقی بە هەڵمبووی شۆخ بێت، بگرمێنێت؟ یان چاوەڕەشەکانی ژانە، بە پرسیار خاك دەوروژێنێت؟ دەشترسم سیحری کوێربوون بێت هاتبێت گلێنە بفرێنێت؟!!

کاتژمێر بوو بە سێ، سیما تەواو ماندوو بووبوو، بەرلەوەی قەڵەمەکەی لە دەست بکەوێت، بە ئاستەم نووسی؛

ئەی خـــــــــــــوا!!!

ئەی خوا بۆچی نایەتە دەنگ؟؟؟ بۆچی جـــــــــــــارێك نابێت بە ڕەنگ*؟؟؟

*2003 /10*

*سوێد-ستۆکهۆڵم*

* لە دێڕە شیعرێکی شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان)ە وە.

''' شاکارەکانی (ڤیکتۆر هۆگۆ).